# ناوێرم له‌ كه‌ركوك دانیشم، ئه‌ریٚ خائنم؟

**عادل ئیبراهیم**
adil_ebrahim3@hotmail.com

له‌ شه‌ری نیوان ئیران‌و عیراقدا سه‌رباز بووم، ناردیانم بۆ ناو جه‌رگه‌ی شه‌ره‌كه‌، رۆژیك له‌ گه‌ل چه‌ند سه‌ربازیكی تردا فرسه‌تمان بۆ ریكه‌وت هه‌لاتین، هه‌لاتن له‌ سه‌ربازی‌و له‌ به‌ره‌ی شه‌ردا به‌لای رژێمی به‌عسه‌وه‌ خیانه‌تێكی گه‌وره‌ بوو، جا هه‌رچییه‌ك بوو بێت، لێتان ناشارمه‌وه‌ به‌نده‌ له‌ ترسی مه‌رگی خۆم‌و مانه‌وه‌ی ژیانمدا ئه‌و خیانه‌ته‌م به‌سه‌ر خۆمدا قه‌بول كرد.

ئه‌وی راستی بێت دانشتوی شاری گروگلپه‌ی بابه‌گوری نه‌وت سوتاو خاسه‌ی بۆگه‌ناو و قه‌لاو گه‌ره‌ك‌و جاده‌ی ویارنبو، وه‌ ره‌مزی خوشك‌و برایه‌تی‌و ئاژاوه‌ی كه‌ركوكم.

به‌ دوای هه‌لاتنم له‌ سه‌ربازی له‌ دێهاتێكی نزیك شاری سلیمانی خۆم حه‌شاردا، ماوه‌ی دوو سالیك له‌ گه‌ل دوو براده‌ری تردا له‌ ژووریكدا ده‌ژیان، دوكانیكی بچكۆله‌شمان دانبوو، هه‌ندیٚ پیوستی رۆژانه‌مان تیا ئه‌فرۆشت، كه‌ كه‌س‌و كارمان بۆیان ده‌ناردین.

باوكم‌و دایكم‌و دووبراو خوشكێكم له‌ ترسی هه‌ره‌شه‌ی رژیم نه‌یان توانی له‌ كه‌ركوك دانیشن، ناچاربوون له‌ سلیمانی مالیكیان په‌یدا كرد، به‌ كوله‌ مه‌ركی ده‌ژیان، دوای ده‌رچونی عه‌فواتێكی عه‌سكه‌ری منیش گه‌رامه‌وه‌ بۆ لایان.

له‌ شه‌ری خه‌لیجه‌وه‌ تا كۆ ره‌وه‌كه‌و ده‌سه‌لاتی حكومه‌تی هه‌ریم، هه‌رچونێك بوو له‌ سلیمانی ژیانمان به‌سه‌ر برد، له‌ 98دا باوكم ژیانی له‌ ده‌ستدا.

دوای هه‌لوه‌شانی رژێمی به‌غداو بلاو بونه‌وه‌ی هیزه‌كانی ئه‌مریكا، هاندانی هه‌ردوو حكومه‌تی هه‌ریم بۆ گه‌رانه‌وه‌ی كورده‌كان بۆ كه‌ركوكی قودس‌و دلّی كوردستان، ئیمه‌ش به‌ واجبی خۆمان زانی، كه‌لوپه‌لمان پیچایه‌وه‌و كه‌ركوكی بابه‌گورگور خۆت بگره‌ وا هاتین ئه‌م زستانه‌ گه‌رممان كه‌ره‌وه‌.

ئه‌وه‌ بۆ سیٚ سال ده‌چیت له‌ كه‌ركوك له‌ ویرانه‌ مالێكدا به‌سه‌رماو به‌گه‌رما ده‌ژین، چۆن ژیانیٚ، نه‌مالمان هه‌یه‌ نه‌حال، نه‌ راحه‌تیمان هه‌یه‌ نه‌گوزه‌ران، نه‌ ئارامی نه‌ خه‌وی راحه‌ت، تا ئیستاش نازام چۆن ماوین‌و بۆ وامان به‌ خۆمان كرد، چاوه‌روانی چین؟، نازانم.

چی بێت له‌ ئیوه‌ نهێنی هه‌موو رۆژی ده‌مرم‌و زیندوو ده‌بمه‌وه‌، له‌به‌ره‌ی شه‌ری ئیران‌و عیراقدا ئه‌وه‌نده‌ ترس نه‌چۆته‌ گیانم‌و وا خراپم به‌سه‌ر نه‌هاتووه‌، له‌ مالـه‌وه‌ راحه‌ت نیم، هه‌ر كاتیٚ ده‌چمه‌ ده‌ره‌وه‌ به‌ ته‌مای خۆم نیم، له‌ گه‌رانه‌وه‌م بۆ مالـه‌وه‌ تا ده‌گه‌مه‌ به‌ر ده‌رگاكه‌مان ده‌ستم له‌سه‌ر دلمه‌، نه‌كا به‌ ناوی ئه‌وه‌ی كوردم كه‌سیٚ چه‌قۆیه‌كم پیا بكات، به‌ردی نه‌مالّن به‌ ته‌پلی سه‌رما، له‌ مالیشه‌وه‌ ئۆقره‌مان نییه‌، ده‌نگی ته‌قینه‌وه‌و خه‌به‌ری كوشتار، ترسی هیرشی تیرۆرستی هه‌راسانی كردوین، بۆ نه‌كبه‌تی مالـه‌كه‌شمان له‌ نزیك به‌نزین خانه‌یه‌كه‌وه‌یه‌، هه‌ر رۆژه‌ به‌زم‌و ره‌زمیكی تیا ئه‌خولقیٚ، له‌ شلۆقی‌و ریزی سه‌یاره‌ی چه‌ند كیلۆمه‌تری بۆ به‌نزین، حه‌وانه‌وه‌مان نه‌ماوه‌و ژیانمان ته‌واو تال بووه‌، به‌ جیا له‌وه‌ی هه‌موو ساتیٚ چاوه‌ڕێین به‌نزینخانه‌كه‌ بته‌قیته‌وه‌، به‌ خۆمان‌و خانوه‌كه‌وه‌ هه‌پرون به‌ هه‌پرون ببین.

جگە لەوانەش  خاوەنی بە نزینخانەکە دوو سەگی وەها درو هاری راگرتووە، دەبێ پێنج سەد مەتر لە دووری بەنزیخانەکەوە هاتوچۆ بکەین دەنا بە حالێکت دەبن خوا بە رەنگاورەنگ ببینی، شەوانەش تا بەیانی بە وەرینیان ناهێلن چاومان بچێتە خەو.

بەراستی مانەوە لە کەرکوك وەك ئاوارەو چاوەروانی بۆ مەبەستیکی نادیارو "نازانم" سەختەو دەرەقەتی نایەم، هەتا هەلاتن لە سەربازیدا ئاسانتر بوو، لەگەل ئەوەی لە لایەن رژیمەوە بە خائن ناوبراین بەلام دواتر بۆمان بوو بە پالەوانیەتیو شەرفێکی گەورە.

ئیستا تیا ماومو نازانم لە گەل هەلومەرجی کەرکوکدا چۆن بجەنگمو بۆ بجەنگم، بەراستی ئەم شەرە سەگە بە من ناکرێت.

چی بێ لە ئێوە نهینی فرسەتیکم بۆ هاتۆتە پیشەوە، مەسئولیکی گەورە لە سلیمانی کە شەق لە پارە هەلئەدا، کاتی خۆی ئامر مەفرەزە بوو، ئەهاتە ئەو دێ یەی ئیمە تیا فیرار بوین، هەندێ جار جگەرەی لە دوکانەکە دەبرت ئیمەش پارەمان لێ نەدەسەند، دیارە ئیستا ئەو چاکەیەی لە بەرچاو ماوە، جوابی بۆ ناردوم کە بگەریمەوە بۆ سلیمانیو کاریکم پێ ئەدا ژیانی پێ بکەین.

بەلام تیا ماوم ئەوەتا جەلال تالەبانی دەلێت، گەر کەرکوك بەجێ بهێلن خیانەتە، بۆیە داوادەکەم، لە ریگەی شوینیکەوە لە رۆژنامەکاندا یا لە سایتە کوردیەکانەوە راپرسیەکم بۆ بکەن بزانم ئەم حالەتەی من، کە باوەرم پێ بکەن ناویرم لەوە زیاتر لە بەرەی شەری کەرکودا ژیان بەسەر بەرمو دەمەوێ هەلبێم، ئایا خائنم یا خائن نیم.؟